گومرگی عێراق دەنگی زیادکردنی باج لەسەر شیری منداڵ ڕەتدەکاتەوە

ئەمڕۆ یەک شەممە، بەڕێوەبەرایەتی گشتیی گومرگ لە بەیاننامەیەکدا ، کە دەستی ئاژانسی موتەبەع کۆتووە ،تیایدا ڕایگەیاندوە : سەرلەبەری ئەو هەواڵانە ڕەتدەکاتەوە کە باس لە زیادکردنی باجی سەر شیری منداڵ بە ڕێژەی 500% دەکەن و جەختی کردەوە کە هیچ بیارێکی لەو شێوەیە دەرنەچووە.

گومرگ ئاماژەی بەوە شداوە : کە شیری منداڵ بە پێداویستییەکی بنەڕەتی و گرنگی ئاسایشی خۆراک دادەنرێت، بێیە بەهیچ شێوەیەک نەکراوەتە ئامانجی زیادکردنی باج و ڕەسمی گومرگی، ئەمەش وەک پابەندییەک بە سیاسەتی حکومەت بە پاراستنی هاوڵاتیان.

لە کۆتاییدا بەیاننامەکەدا بەڕێوەبەرایەتی گشتی گومرگ هۆشداری دەدات کە ڕەکاری یاسایی بەرامبەر بەاوکەرەوەی ئەو دەنگیانە دەگیرێتەبەر کە دەبنە هۆی تێکدانی سەقامگیریی ئابووری و داوا لە میدیاکان کرد ، تەنیا پشت بە سەرچاوە فەرمییەکان ببەستن.